ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕۆژی پێنجشەممەی داهاتووی کردەپشوو

ئەمینداریەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە، ڕۆژی پێنجشەممەی ئەم هەفتەیە لە سەرتاسەری عێراقدا پشووی فەرمییە.

ئەمە شەممە، ئەمینداریەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق ڕایگەیاند، ڕۆژی پێنجشەممەی ئەم هەفتەیە ٢١ـی مانگی سێ، بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە پشووی فەرمییە.

ئاماژە بەوەش کراوە، پشووەکە سەرجەم زانکۆ و پەیمانگا و خوێندنگە و بەڕێوەبەرایەتییە حکومی و تایبەتەکان دەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، بە گوێرەی ڕێژەری حکومەتی هەرێم، ڕۆژانی ٢١ و ٢٢ و ٢٣ـی ئەم مانگە لە سەرتاسەری هەرێم پشووی فەرمییە.